# ماناى ووشەى ئیسلام

[ كردي – کوردی – kurdish ]

شێخ موحەممەد صالّح المنجد

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1435

IslamHouse.com

# معنى كلمة الإسلام

« باللغة الكردية »

الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1435

IslamHouse.com

# ماناى ووشەى ئیسلام

**پرسیار** : ئایا ماناى ووشەى ئیسلام چییە ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خواى گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانى هەتا هەتایە .

ئەگەر بێتوو بگەڕێیتەوە بۆ فەرهەنگەکانى زمانەوانى بۆت ڕوون دەبێتەوە کە ماناى ئیسلام بریتیە لە گوێڕایەڵى و ملکەچ بوون و بەگوێ کردن وتەسلیم بوون بە فەرمانى ئەو کەسەى کە فەرمان دەکات و ڕێگرى دەکات لە شتێك بەبێ هیچ ڕەخنەگرتن و ملەجەڕێیەك، هەروەها نواندنى دڵسۆزى و ئیخلاص بۆ پەروەردگارى باڵادەست ( سبحانە و تعالى ) وە بە ڕاستزانین و باوەڕ بوون پێی، لەبەر ئەوە دەستەواژەى ئیسلام بووە بە ناو و عەلەمێك بۆ ئەو ئاینەى کە محمد المصطفى هێناویەتى ( صلى اللە علیە وسلم ) .

دەپرسین ئایا بۆچی ئەم ئاینە پیرۆزە بە ناوی ئیسلامەوە ناونراوە ؟ هەموو ئەو ئاینانەی کە لە سەر زەویدا هەن و بوون، هەر هەموویان بە ناوەکانی خۆیانەوە ناونراوون، یان پاڵ دراونەتە لای کەسێکی تایبەت، یان بۆلای گەلێکی دیاریکراو، بۆ نموونە ئاینی نەصرانیەت لە ناوی ( نەصاراکانەوە ) وەرگیراوە، هەروەها ئاینی ( بوذي ) لەناوی ( بوذا ) ی دامەزرێنەریەوە وەرگیراوە، وە ئاینی زەردەشتیەت، هەڵگری ئاڵا و دامەزرێنەرەکەی کەسێك بووە بەناوی ( زەردەشت)، هەروەها ئاینی ( یەهودیەت ) لەناو هۆز و قەبیلەیەکدا پەیدا بووە کە بە ( یەهوذا ) ناسراو بوون، بەهەمان شێوە هەموو ئاینەکانی تریش .

ئاینی پیرۆزی ئیسلام نەبێت، کە نەدراوەتە پاڵ کەسێك یان گەل و هۆزێك، بەڵکو ناوی ئیسلام لە مانایەکی تایبەتی وەرگیراوە کە ووشە و دەستەواژەی ئیسلامەکە خۆی دەیگەیەنێت، لە ناوەکەشیەوە ئەوە دەردەکەوێت ئەم ئاینە کەسێکی دیاری کراو هەوڵی ئەوەی نەداوە ئەم ئاینە بهێنیتە بوون و دایبمەزرێنێت، وە تایبەت نییە بە گەل و هۆزێکی دیاری کراوەوە، بەڵکو

مەبەست و ئامانجی ئەوەیە تەواوی دانیشتوانی سەر زەوی خۆیان بە صیفەتە جوانەکانی ئەم ئاینە پیرۆزە بڕازێیننەوە، بۆیە هەرکەسێك صیفەتە جوانەکانی ئیسلام لەخۆیدا جێ بەجێ بکات، ئیتر گرنگ نییە لەهەر کوێیەك دەبێت ئەوا ئەو کەسە پێی دەوترێت موسڵمان، وە بە موسڵمانیش هەژمار دەکرێت هەر کەسێك لە داهاتوودا بە ئاکار و ڕەوشتەکانی ئیسلام خۆی بڕازێنێتەوە ...

خوای گەورە زاناترە ..

سەرچاوە : ماڵپەری ئیسلام پرسیار و وەلام .